# شێرپەنجەی گەدە

دکتۆر بەختیار سادق تۆفیق




**تویکاری گەدە:** گەدە بەشە فراون بوو و هەڵئاوساوەکەی کەناڵی هەرسە، کەسێ فرمانی سەرەکی هەیە:

1. عەمبارکردن و کۆکردنەوەی خۆراک، لەکەسێکی گەورەو پێگەیشتوودا توانای هەڵگرتنی 1.500مل خۆراکی هەیە.
2. تێکەڵکردنی خۆراك بەپێکهاتە رژاوەکانی گەدە بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەکی نیمچە شل کەپێی دەڵێن کایم (Chyme).
3. هەروەها کۆنترۆڵی دەرچوونی رێژەی کایم دەکات بۆ ریخۆڵە باریکە بۆئەوەی کرداری هەرس و مژین بەتەواوی رووبدات.

گەدە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی سکەوە کەلەسەرەوە لەژێر لێوار یاخود کەناری پەراسووەکانی لای چەپەوە (Left costal margin) درێژدەبێتەوە بۆناوچەی سەروو ناوەڕاستی سك (Epigastrium) و ناوچەی ناوك (Umbilicus).

زۆربەی گەدە بەپەراسووەکانی خوارەوە داپۆشراوەو شێوەی پیتی (J) دەبەخشێت و دوو کون یاخود دوو دەرچەی تێدایە، دەرچەی سەرەوە (Cardiac orifice) و دەرچەی بەشی خوارەوە (Pyloric orifice) جگە لەمانە گەدە دوو چەماوەی هەیە، چەمانەوەی بچووك (Lesser curvature) و چەمانەوەی گەورە (Greater curvature) هەروەها گەدە دوو رووی هەیە رووی پێشەوەو رووی پشتەوە (Anterior and posterior surface).

بەنزیکەیی دەتوانین بڵێین گەدە لەهەردوو سەرەوە جێگیرو بێ جوڵەیە، بەڵام لەناوەندیدا فرە جووڵەو بزۆکە ئەمەش وادەکات لەکەسێکی باڵا کورتی قەڵەودا شوێنەکەی لەبەرزایی سك و لەئاستی ئاسۆییدا رێك بکەوێت و جێگیر بێت، بەڵام لەکەسێکی لاوازدا شێوەی درێژکۆلە وەربگرێت لەئاستی ستونیدا واتە شێوەی پیتی (J) وەربگرێت.

هەروەها شێوەی گەدە دەگۆڕێت بە گوێرەی ئەو خۆراکەی کەتێیدایەو، و بەگوێرەی شوێنی لاشە یان بۆدی یان تەنی گەدە (Body) هەروەها باری هەناسەدان کەئایا هەناسەدانەوەیە یاخود هەناسە وەرگرتن.

**سەرچاوەی خوێنی گەدە** (Blood Supply):

1. خوێنبەری چەپی گەدە (Left gastric artry) ئەمەش لە خوێنبەری سك (celiac artry) ەوە جیا دەبێتەوەو خوێن دەگەیەنێت بە سێیەکی خوارەوەی سورێنچك و بەشی سەرەوەی لای راستی گەدە.

2. خوێنبەری راستی گەدە (Right gastric artry): ئەمەش لە خوێنبەری جگەر (Hepatic artry) ەوە جیا دەبێتەوەو خوێن دەگەیەنێت بەبەشی خوارەوەی لای راستی گەدە.

3. خوێنبەرە کورتەکانی گەدە ( Short gastric artries): ئەمەش لە خوێنبەری سپڵ (splenic artry) جیادەبێتەوەو خوێن دەگەیەنێت بەلوتکەی یاخود بەشی ئەوپەڕی سەرەوەی گەدە (Fundus).

4. خوێنبەری چەپی گەدەو ئۆمێنتا (left gastroepiploic artry) ئەمەش لە خوێنبەری سپڵ جیا دەبێتەوەو خوێن دەگەیەنێت بەدرێژایی بەشی سەرەوەی چەمانەوەی گەورەی گەدە.

5. خوێنبەری راستی گەدەو ئۆمێنتا (right gastroepiploic artry): ئەمەش لە لقی گەدەو دوانزە گرێ (Gastro duodenal branch) ی خوێنبەری جگەرەوە جیا دەبێتەوە، خوێن دەگەیەنێت بەبەشی خوارەوەی چەمانەوەی گەورەی گەدە.

**خوێنهێنەرەکانی گەدە** ( Gastric veins):

هاوتا لەگەڵ خوێنبەرەکاندا خوێن دەگەڕێنێتەوە بۆ دڵ بەم شێوەیە:

خوێنهێنەری چەپ و راستی گەدە، راستەوخۆ خوێن دەرژێننە درکە خوێنهێنەری جگەرەوە (Portal vein) هەرچی کورتە خوێنهێنەری گەدەو خوێنهێنەری چەپی گەدەو ئۆمێنتا هەیە لەگەڵ خوێنهێنەری سپڵدا یەکدەگرن خوێنهێنەری راستی گەدەو ئۆمێنتاش لەگەڵ خوێنهێنەری میزنتەری سەروودا (Superior mesenteric artry) یەکدەگرن.

هەرچی سەرچاوەی لیمفی گەدەشە هاوتا لەگەڵ خوێنبەرەکاندا لیمفە شلەی گەدە دەگەڕێننەوە بۆ لیمفە گرێی سك (celiac lymph node).

**کۆئەندامی دەماری گەدە: کۆئەندامی دەماری گەدە بریتییە لە:**

1. تۆڕە دەماری سیمپەساوی سك (sympathefic celiac plexas).

2. وێڵە دەماری چەپ (Left vagus nerve).

3. وێڵە دەماری راست (Right vagus nerve).

**شانەزانی گەدە** ( Histology): گەدە لە رووکەشە شانەی ستونی پێك هاتووە.

**فسیۆلۆژی گەدە:** هەناوە خانەی (macose) گەدە رژێنی قوڵی زۆر تێدایە، لە دەرچەی یاخود بەشی سەرەوەو خوارەوەی گەدەدا رژێنەکان ماددەیەکی لینج دەردەدەن و تێکەڵ بە خواردنی دەکەن، لە بەشی لوتکەو تەن یاخود لەشی (body) گەدەدا رژێنەکان خانەکانی کە ترشی هایدرۆکلۆریك (HCL) دەردەدەن (parietal cell) و، خانەکانی ئاوگی هەرس (peptic cell) کە پیپسینۆجین دەردەدەن، تێدایە، هەموو رژاوەکانی ئەم رژێنانە لەگەڵ ماددەی لینجی دەردراوی ناو گەدەدا یەکدەگرن و پاشان دەرژێنرێتە دەرەوە لە ملی هەر رژێنێکدا. ژمارەیەکی زۆر لەم رژێنانە لە ژورێکی تایبەتدا دەکرێتەوە ئینجا لە پاشاندا لە کونی تایبەتدا لە رووی گەدەدا دەکرێنەوە (Gastric pit).

**ئازاری گەدە** ( Gastric pain):

هەست کردن بە ئازاری گەدە بەهۆی کرژبوونی کەشەنگیانەی ماسولکەکانی گەدەوە روودەدات و دەگوازرێتەوە بۆ بەشی سەرەوەو ناوەراستی سك.

باوەڕ وایە کە ریشاڵە دەمارییەکانی کە دەمارە راگەیاندنی ئازار دەگوێزنەوە لە گەدەوە هاورێ لەگەڵ دەماری سیمپەساویدا دەڕۆن. هەمووشیان تێپەڕ دەبن بە گرێی دەماری سکدا (celiac ganglia) و دەگەنە درکە پەتك لە رێگەی دەماری گەورەی هەناوەوە (Greater splanchnic nerve).

گەدە دەتوانرێت لەژێر رشتەی تیشکزانییدا تاقی بکرێتەوە، یاخود ببینرێت بە قوتدانی ماددەی ئاوی سەلفاتی باریۆم (یاخود ژەمی باریۆم) کاتێك گەدە پڕ دەبێت

لەم ماددەیە چەمانەوەی بچوك و گەورەی گەدە دەبینرێت لەگەڵ تەنی گەدەو بەشی خوارەوەی گەدەدا.

بینینی گەدە لەژێر ئامێری تایبەتی تیشکی ئێسکدا فەراهەم دەبێت، کاتێك گەدە پڕ دەبێت لە باریۆم بەوەش کرمە جوڵەی کرژبوونی دیواری گەدە دەبینرێت کە لە ناوەڕاستی گەدەوە تێپەڕ دەبێت بۆ بەشی خوارەوەی گەدە.

## شێرپەنجەی گەدە

### پزیشکەوانی و هۆکارەکان (Epidemiology and etiology):

پلەی ڕوودانـــی: بـڵاوی ڕێــژەی مــردن بەهۆی شێرپەنجەی گەدەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕوون بەرەو کەم بوونەوە دەچێت لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا ساڵانە لەهەموو تەمەنە جیاوازەکاندا بەرێژەی (2٪ -7) کەم دەکات.

مردن بەهۆی شێرپەنجەی گەدەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەرێژەی ٪20 کەمی کردووە، لەچاو مردن بەهۆی هەمان شێرپەنجەوە لە ساڵی 1930، دا لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە شێرپەنجەیە تا ئێستاش بە دووەم هۆکاری مردن دادەنرێت بەهۆی شێرپەنجەوە لە سەرانسەری جیهاندا، هۆکارە خۆراکییەکان و پێشکەوتن لەبواری هەڵگرتنی خواردەمەنیدا باوەڕ وایە کە هۆکاری سەرەکی ئەم کەم بونەوەیە بن.

پێشکەوتنەکانیش بریتین لەکەمکردنەوەی ماددە پارێزەرەکان بۆ هەڵگرتنی خۆراك لەوانە (دوکەڵاویی کردن و ترش کردنی خۆراك) کەم کردنەوەی بەکارهێنانی خوێ، زۆر بەکارهێنانی هۆکارکانی بەستن (Refrigeration) زۆر بەکارهێنانی میوەو سەوزەکان.

ڕێــژەی مــردن بەهۆی شێرپەنجەی گــەدەوە بەرزترینە لە وڵاتی کۆستاریکا (61 حاڵەتی مردن لە هەر 100000 کەسێکدا) و، باشوری ئاسیا (هۆنگ کرنگ، و یابان و سەنگافورا) و، کەمترین ڕێژەشی لە ویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمریکا (5 حاڵەتی مردن لەهەر 100000) کەسێکدا تۆمار کراوە. لە هەموو گرنگتر وڵاتانی باکوری ئەوروپا (وڵاتانی ئەسکەندەنافیا) و خۆرئاوای ئەوروپا، پلەی ڕوودانی ئەم شێرپەنجەیە دوو ئـەوەنـدەو سێ ئـەوەنـدەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

ڕێژنە شێرپەنجەی گەدە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەشوێنە جیاوازەکانی جیهاندا، ئەمەش کاریگەری هۆکاری ژینگەیی دیـاری دەکـەن لـەسـەر پەرەسەندنی نەخۆشییەکەو، بەزۆری لەرەگەزی نێردا بڵاوە لە هەندێك جێگەی دیاریکراودا وەك لە هەندێك ناوچەی هێلی ئیستیوا لە ئەمریکای باشور، هەندێك جێگەی وڵاتانی کەنار دەریای کاریبی و خۆرهەڵاتی ئەوروپا.

بەبێ ڕەچاوکردنی جێندەر ئێستا بە بڵاوترین شێرپەنجەی ژاپۆن و چین دەژمێردرێت، ڕێژنە شێرپەنجەی بەشی خـوارەوەی گەدە لە کەمبونەوەدایەو لەبەرامبەردا ڕێژنە شێرپەنجەی بەشی سەرەوەو کەناڵە پەیوەندی گەدە سورێنچك لەبەرزبونەوەدایە لە وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

پلەی ڕوودانەکەی تا ئێستا لە ژاپۆن بەرزە، بەڵام پلەی ڕوودانـی لەو یابانی یانەی کە کۆچیان کـردووە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێژەیەکی مام ناوەندە، یەکەم وەچەی یابانییە، ئەمریکیەکان پلەیەکی ڕوودانی تایبەتی یان هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەمریکییەکانی دیکەدا، تێکرای تەمەنی ڕوودانی ئەم شێرپەنجەیە تەمەنی (55 ساڵییە.

هەردوو جۆرەکەی شێرپەنجەی گەدە پێویستە لەرووی شانەزانی و هۆکارە مەترسیدارەکانەوە جیابکرێنەوە. شێرپەنجەی گـەدە پـەرش و بـڵاو (Diffuse gastric cancer) هاورێیە لەگەڵ هۆکارە بۆماوەییەکان و بەشی سەرەوەو شوێنە نزیکەکانی گەدە (Proximal location)، لە شوێنی ئـەم شێرپەنجەیەدا میتاپلازیای ریخۆڵەی (Intestinal metaplasia) و خراپ دابەش بوونی خانەیی (Dysplasia) روونادات. بەڵام لە جۆری شێرپەنجەی گەدە – ریخۆڵەیی (Intestinal type gastric cancer) زیاتر لە شوێنە دوورەکانی گەدە (Distal location) (بەشی خـوارەوەی گـەدە) دا ڕوودەدات لە ساڵە زووەکانی تەمەن کردندا و زیاتر لەو ناوچانەدا هەیە کە ئەم شێرپەنجەیە تیایاندا بڵاوە (Endemic).

ئەمانەش زیـاتـر لـەگـەڵ پـرۆسـەی هـەوکـردن و توشبوونی گـەدە بە بەکتریای هیلیکۆباکتر پایلۆریدا (Helicobacter pylori) ڕوودەدەن.

## هۆکارەکانی:

1. **خۆراك:** شێرپەنجەی گەدە بەستراوەتەوە بە خواردنی گۆشتی سوور، کەلەرم، بەهارات، ماسی، خۆراکی پارێزراو بە خوێ کردن و دوکەڵاوی کردن، خۆراکی پڕ کاربۆهیدرات، پرۆتین، ڤیتامین E,C,A لەگەڵ کەم خواردنی چەوری ئەو خۆراکانەی ماددەی سیلینیەم (Selenium) یان تێدایە لەگەڵ مەترسی شێرپەنجەی گەدەدا پێچەوانە دەگۆڕێت واتە هەتا ئەم ماددەیە زیاتر لە خۆراکدا بخورێت رێژەی شێرپەنجەی گەدە کەم دەکات، وەبەپێچەوانەشەوە بەڵام ئەمە شێرپەنجەی کۆڵۆن ناگرێتەوە.

2. **تووش بوونی گەدە بە بەکتریای هیلیکۆباکتر پایلۆری:** ئەمەش هاوتایە لەگەڵ زیادبوونی مەترسی رژێنە شێرپەنجەی گەدە (Gastric adeno carcinoma) و لەوانەیە هۆکاری یاریدەدەر بێت لە پرۆسەی نەخۆشی ئەو شێرپەنجەیەی گەدە کە بەشی سەرەوەی گەدە ناگرێتەوە (Non-cardiac gastric carcinoma) زیندەوەری هێلکۆپاکترپایلوری لە 89 ٪ ئەو نەخۆشانەدا بینراوە کە شێرپەنجەی گەدەی – ریخۆڵەیی یان هەیە، ئەمەش لەناو لووی شێرپەنجەکە بێت یاخود نزیك شانە هەوکردووەکەی دەوروبەری (Inflammatory tissue) لە کاتێکدا تەنها لە 32 ٪ ئەو نەخۆشانەدا هەیە کە شێرپەنجەی پەرش و بڵاو (Diffuse type) یان هەیە.

ئەمەش لە بەرزبوونەوەدایە و ئێستا لەژێر پشکنیندایە لە تاقیکردنەوەیەکی هەرەمەکی پێش بینیدا (Prospective randomized trial) کە بنەبڕ کردنی هیلیکوباکتر پایلۆری لەرێگەی دەرمانی دژە ژیانەوە (Antibiotic) و بەکارهێنانی گیراوەی بزمووت (Bismuth solution) لەوانەیە هۆکاری قەدەغەکردنی هەردوو هەوکردنی هەناوە خانەی پوکاوەی گەدە (Atrophic gastritis) و، شێرپەنجەی گەدەی – ریخۆڵەی بن.

3. **هۆکاری بۆماوەو رەگەزی:** ئەفریقی و ئاسیایی و، ئەمریکییە بە رەگەز ئیسپانییەکان رێژەیەکی زیاتر لە شێرپەنجەی گەدە پیشان دەدەن لەچاوسپی پێستەکاندا، نمونەی شانەزانی پەرش و بڵاو (Diffuse histological pattern) جۆرێکی بەربڵاو و زاڵی پرۆسەی نەخۆشییە لەو خێزانانەی کە تیایاندا چەند ئەندامێکی خێزانەکە تووش بوون.

4. **کەم خوێنی زیان بەخش** (Pernicious anemia)، و کەمی ترشی هایدرۆکلۆریك، هەوکردنی هەناوە خانەی پوکاوەی گەدە: بەشێوەیەکی رێژەیی کەم خوێنی زیان بەخش مەترسی شێرپەنجەی گەدە زیاد دەکات بەرێژەی (3-18) ئەوەندەی تێکرای دانیشتوان ئەمەش لەسەر بنەرەتی توێژینەوەکانی حاڵەتەکانی رابردوو (Retrospective studies) هەرچەندە مشتومڕێك لەسەر ئەم خوێندنەوانە هەیە بەگشتی هەناو بینی لەچاودێری کردن و هەنگاوەکانی ئایندەدا (Follow up endoscopy)، پێشنیار کراوە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە زانراوە نەخۆشی کەم خوێنی زیان بەخشیان هەیە.

5. **لێکردنەوەی گەدە (بەشێکی گەدە) لە رابردوودا** (Previous gastric resection): ئەو رژێنە شێرپەنجەیەی گەدە کە لە ساتی برینەوەی بەشێکی گەدە (Gastric stump adenocarcinoma) دا پەیدا دەبێت، کە لە ساڵانێکی دواییدا لەپاش (15-20) ساڵ روودەدات، زیاتر بڵاوترە لەو نەخۆشانەی کە چارەسەری نەشتەرگەریان بۆ کراوە بۆ زامداری پاکی گەدە کە بەهۆی ئاوگی هەرسەوە (Benign peptic ulcer disease) پەیدا دەبێت، بەتایبەت لەوانەی کە نەخۆشی رژانی ترشی هایدرۆکلۆریك یان گەڕانەوەی زەرداوی تفتیان هەیە.

ئەم شێرپەنجانە هاورێن لەگەڵ کرداری خراپ دابەش بوونی خانەیی هەناوە شانەی گەدە، زیادبوونی ئاستی هۆرمۆنی گاسترین و و پێشبینییەکی خراپ، دوو لێکۆڵینەوەشس لەم بوارەدا پشتگیری ئەم رایە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك توێژینەوەی پشت بەستوو بە ئامارەکانی دانیشتوان پشتگیری ئەم بۆچوونە ناکەن.

6. **خراپ دابەش بوونی هەناوە شانەی گەدە** (Gastric mucosal dysplasia): ئەم خراپ دابەش بوونەش پلە بەند کراوە لە (1-3) لەگەڵ پلەی III کە لە کیسدانێکی ئاشکرا پیشان دەدات لە جیاواز بوونی خانە (Cell differentiation) و زیادبوونی دابەش بوونی ئاسایی (نائاستەوخۆ) (Mitosis).

دۆزینەوەی خراپ دابەشبوونی پلە بەرز لەلایەن نەخۆشیزانی بەئەزموونەوە لە دووتاقیکردنەوەی وەرگرتنی شانەی زیندوو لەهەناوبیندا نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ شێرپەنجەی گەدە لەداهاتوودا. گۆڕانی سروشتی هەناوە

خانەی گەدە بەهەناوە خانەی ریخۆڵە (Intestinal metaplasia) هاوڕێ یە لەگەڵ جۆری ریخۆڵەیی شێرپەنجەی گەدە،مەترسی شێرپەنجە دەرکەوتووە کەراستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ درێژی ئەو مەودایەی کەهەناوە شانەی گەدە تووشی گۆڕانی سروشتی هەناوەخانەیی هاتووە.

**7. لووی گەدە** (Gastric polyp): زیاتر لە نیوەی لووە رژێنەکان Adenomatous) polyp) گۆڕانکاری شێرپەنجەیی نیشان دەدەن لەهەندێك زنجیرەی گەشەیاندا. لووی فرە ریشاڵی لاستیکی یاخود لووی خانەی گەورەبووی فرە خانەیی Hyperplastic) polyp) کە 75٪ هەموو لووەکانی گەدەن، گۆڕان بۆ لووی پیس واتە لووی شێرپەنجەیی (Malignant tumour) پیشان نادەن. ئەو نەخۆشانەی کەلووی رژێنی خێزانی (Familial adenomatous polyposis) (FAP) یان هەیە، پلەی روودانی بەرزتر تۆمار دەکەن بۆ شێرپەنجەی گەدە. ئەو نەخۆشانەی کە لووی رژێنی یاخود (FAP) یان هەیە پێویستە لە ژێر چاودێری بەردەوامی هەناوبینی (Endoscopic surveillance) دابن.

**8. هەوکردنی هەناوە خانەی گەدەی درێژخایەن** (Chronic gastritis): کەهەوکردنی هەناوەخانەی پوکاوەی درێژخایەنی گەدە، کەبەشی سەرەکی لاشەی گەدە (corpus) و بۆشایی گەدە (Antrum) دەگرێتەوە، هەروەها تووشبوون بە هیلیکۆباکتر پایلۆری و هۆکاری ژینگەیی و نەخۆشی دژەتەنی خۆیی (Auto immune) (وەك لەنەخۆشی کەمخوێنی زیانبەخشدا) لەو هۆکارانەن کەباوەڕوایە هاوڕێ بن لەگەڵ زیادبوونی مەترسی شێرپەنجەی گەدەدا. لەنەخۆشی مەنێتریر (Menetriers disease) کەبریتییە لەنەخۆشی هەوکردنی هەناوە خانەی گەدەی زیاد گەشەکردوو یاخود گەورەبوو Hypertrophic) gastritis)، دیسانەوە زیادبوونی پلەی روودانی شێرپەنجەی گەدە تێبینی کراوە.




9. خاڵێکی دیکە هەیە نابێت فەرامۆشی بکەین ئەویش ئەوەیە کەزامداری سەلامەتی گەدە (Benign gastric ulcer) سەرناکشێت بۆ شێرپەنجەی گەدەدئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش بزانین کە لێکردنەوەی گەدەی ژێر ئاستی تێکرا (Subtotal gastrectomy) بۆنەخۆشی زامداری مەترسی گۆڕانی هەیە بۆ شێرپەنجەی گەدە لە شوێنی لێکردنەوەکە، لەبەرئەوە لەحاڵەتی چارەسەرکردنی گرفتی زامداری گەدەدا پێویستە هەتا دەتوانین بە چارەسەری دەرمانی و گۆڕانی شێوازەکانی ژیان (وازهێنان لە جگەرە دووركەوتنەوە

لەدەرمانەکانی دژە هەوکردنی ناستیرۆیدی ((NSAID کۆنترۆڵی زامدارییەکە بکەین دەنا بارودۆخی نەخۆشیەکە بەرەو خراپتر دەڕوات، زامداری گەدە زۆرتر سەر دەکێشێت بۆ شێرپەنجە بەبەراورد لەگەڵ زامداری دوانزە گرێ (Duodenal ulcer) بۆیە دەبێت لە زامداری گەدەدا زۆرتر واز لە هۆکارە مەترسیدارەکان بهێنین.

10. **هۆکارە مەترسیدارەکانی دی:** شێرپەنجەی گەدە لەو پیاوانەی کەتەمەنیان زیاترە لە (50) ساڵی و لەو کەسانەی کەکۆمەڵەی خوێنی (A) یان هەیە زیاتر بینراوە، شێرپەنجەی گەدە لە سەرانسەری جیهاندا بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە لەو خەڵکانەی کەلەژێر بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەلایەتی خراپدان (Low socioeconomic status).

## نەخۆشی زانی و مێژووی ژیانی سروشتی نەخۆشیەکە ( Pathology and natural history):

**شانەزانی و پۆلێنکردنەکان:** نزیکەی 95٪ ی شێرپەنجەی گەدە بریتییە لە رژێنە شێرپەنجە (Adeno carcinoma) 5٪ ی نەخۆشی شێرپەنجەی پیسی لووسە ماسولکەو بەستەرە شانەکانە (Leimyosarcomas)، شێرپەنجەی رژێنە لیمفاوییەکان (Lymphomas)، کارسینوید (Carcinoid) و شێرپەنجەی پولەکەیی (Squamous carcinoma) و جۆرە دەگمەنەکانی دیکە.

**شێرپەنجەی رژێنی لیمفاوی گەدە**(Gastric lymphoma): ئەمەش بە 5٪ شێرپەنجەکانی گەدە دەژمێردرێت، پلەی روودانەکەی تادێت بەرزدەبێتەوە، زۆربەی زۆری ئەم شێرپەنجانە لە جۆری ناهۆجکینن (Non-Hodgkins type) گەدەش بلاوترین شوێنی روودانی ئەم شێرپەنجەیەن لە دەرەوەی لیمفە گرێکان خۆیان (Extranodal)، بەگشتی ئەم جۆرە شێرپەنجەیە لە رەگەزی نێردا بلاوترەو بلاوتریش لە تەمەنی گەنجێتیدا بە بەراورد لەگەڵ رژێنە شێرپەنجەی گەدەدا، هەمان ئەو نیشانانە دروست دەکەن کە لە رژێنە شێرپەنجەدا دەبینرێت، لەوانەیە لیمفۆما یان شێرپەنجەی رژێنی لیمفاوی گەدە لە گەدەوە هەڵقولێت (Primary tumour) و بچێت بۆ ئەندامەکانی دی، لەوانەشە لە ئەنجامی بلاوبونەوە (dissaminated) لە شوێنەکانی دیکەوە بگاتە گەدە، لیمفۆمای خانەکانی B- B-– Cell lymphomaی گەدە بلاوترین جۆری شێرپەنجەی خانە گەورەکانی گەدەیە لەگەڵ بوونی خاسیەتی جۆری پلە بەرزی شێرپەنجەکە (High grade type).

شێرپەنجەی پلە نزمی (Low grade) گەدە لەئەوانەی هەوکردنی هەناوە خانەی درێژخایەنی گەدە و لیمفۆمای شانە لیمفی یەکانی هاورێ لەگەڵ هەناوە خانە گەدە ((Mucosa associated lymphoid tissue MALT)) یان هەیە، ئەمانەش زۆرتر هاورێن لەگەڵ توش بوون بە بەکتریای هیلیکۆباکترپایلۆری.

تاقیکردنەوەی باریۆمی گەدە بەشێوەیەکی ئاسایی زامداری پیشان دەدات، یاخود هەندێکجار بارستەی شێرپەنجەیی نیشان دەدەن، بەلام لەو لیمفۆمایانەی کە بەشێوەیەکی پەرش و بلاو رۆچوونەتە ناو دیوارە قوڵەکانی گەدەوە زیاتر پێشنیاری لیمفۆمای دووەمی (واتە بە بلاوبوونەوە لە ئەندامێکی دیکەوە بۆی هاتووە) دەکەن (Secondery lymphoma).

هەناو بینی بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەرس لەگەڵ وەرگرتنی نمونەی شانەی زیندوو و رشتەی سایتۆلۆجی پێویستن بۆ دیاری کردنی نەخۆشییەکە، رێژەی وردی ئەمانەش بۆ دیاری کردنی نەخۆشییەکە دەگاتە (90٪).

## جیاکەرەوە سودبەخشەکانی شێرپەنجەی گەدە:

أ. **پۆلین کردنی شانەزانی** (Histologic classification): کە پێی دەوترێت پۆلینی لاورێن (Lauren classification) ئەمەش لەجۆری شانەی پەرش و بلاو (کە بەشێوەی تاکە خانە یاخود هێشووە بچوکە خانەییەکان لەژێر چینی هەناوە خانەدا (Submucasa) و شانەی رووپۆشی ریخۆڵەیی (کە خانەی چوار رووی جەمسەردارن لەگەڵ بوونی پالاوتەکانی هەوکردن (Inflammatory infilterate) کە دەکەونە ئەو ناوچەیەی گەدە کە تیایدا تووشی هەوکردنی پوکاوە بوون یان خانەکانی رووپۆشی گەدە گۆڕاون بە خانەی رووپۆشی ریخۆڵەیی و لەجۆری تێکەڵە شانەن.

ئەم پۆلین کردنە سەلمێنراوە کە زۆر سوود مەند بووە بۆ رژێنە شێرپەنجە چونکە هەردوو جۆرە سەرەکیەکەی شێرپەنجە کە هەموو تەمەنە جیاوازەکان و، رێژەی جێندەری، رێژەی رزگاربوون، پزیشکەوانی و بنەرەتە بەرچاوەکان دەنوێنن.

رشتەکانی لێکۆڵینەوە پیشانیان داوە کە شانەزانی شێرپەنجەیی پەرش و بڵاو و زیاتر لەو نەخۆشانەدا دەبینرێت کە تەمەنێکی گەنج تریان هەیە لەگەڵ بوونی تارادەیەك بڵاوی شێرپەنجەکە لەنێوان ژناندا، شانەزانی شێرپەنجەی پەرش و بڵاو لە (50٪) هەموو حاڵەتەکان و (55٪) ئەو حاڵەتانەی کە تیایدا ناتوانرێت شێرپەنجەکە لابرێت (Unresectable) بەڵام شێرپەنجەی شانەزانی ڕیخۆڵەیی لەو ناوچانەدا بڵاوترە کە ناوچەی مەترسی بەرز (High risk) ی نەخۆشییەکەن لە جیهانداو لەنێوان پیاوە بە تەمەنەکاندا زیاترە وەك لە ژنە بە تەمەنەکان.

### ب. پۆلێن کردنی نۆرینگەیی (توێکاری بەرچاو):

کە ئەمەش جۆرەکانی رووکەش (Superficial) کە لە روکەشە شانەدا بڵاودەبنەوەو، ئەو لووانەی گەشەیان لە ناوەندی لووەکەدایە (Focal) وەك پۆلیپۆید (Polypoid) و، ئەو لووانەی کە گەشەیان وەك گەشەی کەرووەکان وایە (Fungating) و، یاخود لەشێوەی زامداردان (Ulcerative) و پاڵاوتەو کۆمەڵەوە بووی خانە شێرپەنجەییەکان (Infilterative) وەك هەوکردنی هەناوە خانەی گەدە و ئەستوربوون و بەریشاڵ بوونی دیواری گەدەو تەسك بوونەوەو رەق بوونی گەدە (Linitis plastica) لە کۆتاییدا.

### ج. پۆلێن کردنی کۆمەڵەی ژاپۆنی بۆ هەناو بینی (Japanese endoscopic society classification):

ئەمەش جۆری یەکەم و دووەم و سێیەم دەگرێتەوە، لە جۆری یەکەمدا شێرپەنجەکە شێوەی لوویەکی بارستەیی دەنوێنێت و لە جۆری دوەمدا شێرپەنجەکە تەختە، یان کەمێك بەرزبووەتەوە یاخود داچووەو نزم بۆتەوە، بەڵام لە جۆری سێیەمدا شێرپەنجەکە هاوتایە لەگەڵ زامدارییەکی روون و بەرچا و ئاشکرادا.

## شوێنی شێرپەنجەکان:

بەشی خوارەوەی 40٪ بەشی سەرەوە 35٪ بەشی ناوەراست (ناو قەد و بارستەی لەش) 25٪.

کۆرسی نۆرینگەیی: نزیکەی 18٪ ئەو نەخۆشانەی شێرپەنجەی گەدەیان هەیە لە ئەمریکادا بۆماوەیەکی زۆر دەمێننەوە (Long term survival) شێرپەنجەی گەدە بەهۆی لوولەی لیمفی و خوێن و درێژەوەبوونی راستەوخۆی شێرپەنجەکە (Direct extension) و هەروەها بەهۆی دانانی تۆو وەجاغی شێرپەنجەکە لەسەر دیواری هەناو دەگوازرێتەوەو گەشە دەکات. شێرپەنجەی جۆری زامدار و شێوە لوویی لەرێگەی دیواری گەدەوە بەستە رووکەشە شانەی رووی دەرەوەی گەدە (Serosa) تووش دەکەن ئینجا خانە شێرپەنجەییەکان دەکەنە یاخود دەرژێنە لیمفە گرێیەکانەوە.

هەرچی شێرپەنجە رەقەکەیە (Scirrhous type) لە رێگەی چینی ژێر هەناوە خانەی چینی ماسولکەی گەدەوە بڵاو دەبێتەوە و پاشان داپۆشین و دەورەدانی تەواوی گەدە، لە هەندێك حاڵەتدا بڵاودەبێتەوە بۆ هەموو بەشەکانی ریخۆڵە زۆرجار نەخۆشەکە لەژێر پشکنیندا بێ نیشانەو ئاساییە.

بڵاوبوونەوەی فراوانی نەخۆشییەکە لەوانەیە هەر ئەندامێك لە ئەندامەکان تووش بکات بە تایبەت جگەر (40٪)، سی (40٪) کە لەوانەیە بە هۆی ڕێڕەوی لیمفییەوە بگوازرێتەوە بۆ (سییەکان)، هەناو (10٪) لیمفە گرێی سەروو ئێسکی چەڵەمە (Supra clavicular lymphnode) کە پێی دەوترێت گرێی ڤێرشۆ (Virchows node) لیمفە گرێی بن باڵی چەپ (Left axillary lymphnode) و گرێی ئیرێش (Irishs node )، ناوك (Umbilicus) کە کولکە گرێی سیستەر جۆزێف (Sister Joseph node) دەگرێتەوە. رەق بوونی نا ئاسایی ئێسك بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکە بۆ ناو ئێسك (Sclerotic bone metastasis) هەوکردنی پەردەی دەماغ بەهۆی شێرپەنجەکەوە (Carcinomatous meningitis)

بڵاوبوونەوەی شێرپەنجە بۆناو هێلکەدان لە ژناندا کەدەبێتە هۆی شێرپەنجەی کرۆکنبیرگ (Krukenberg tumaur) یاخود پێکهانی لووی شێوە رەفەیی لە کۆمی پیاواندا کە پێی دەڵێن لووی رەفەیی بلومێر (Blumers shelf).

## کۆنیشانەکانی تەنیشتە شێرپەنجە (Paraneoplastic syndromes) کە هاورێن لەگەڵ شێرپەنجەکە:

1. ئەکانسۆسیس نیگریکانس (Acanthosis nigricans) کە روودەدات لە شێرپەنجەکە هاورێیە لەگەڵ شێرپەنجەی گەدەدا.

2. هەوکردنی فرە ریشاڵی ماسولکەیی

(Poly myositis)،
که تیایدا کۆمەڵە ریشاڵێکی ماسولکەیی هەودەکەن و هەندێکجار خانە ماسولکەییەکان دەمرن.

3.نەخۆشی هەوکردنی پێست و ماسولکە پێکەوە (Dermatomyositis) ئەمەش نەخۆشییەکی ریشاڵی کۆلاجینیە روودەدات لە پێست و ماسولکەو بەبێ دروست بوون و کۆبونەوەی کێم و جەراعەت، کە بەهۆی هەوکردنی خانەکانی پێست و مردنی خانەکانی ماسولکەوە روودەدات.

4. نەخۆشییەکانی پێست وەك (پیمفیگۆید و Pemphigoid) سوربوونەوەی بازنەیی پێست (Circinate erythema).

5. مێشك تێکچوون (Dementia) کە تیایدا نەخۆش بەرێژەیەکی دیاریکراو شتی بیر دەچێتەوە، لەگەڵ لەکارکەوتنی کارپێکردنی خۆویستانەی ماسولکەکان پێکەوە بەهۆی ناتەواوی لە مێشکۆلەدا (Cerebellar ataxia).

6. مەینی خوێنی ناو خوێنهێنەرەکان بەبێ هۆکاری دیاریکراو.

7. کۆنیشانەی کۆشینگ کە بەهۆی زیادەیەکی هۆرمۆنی دەرەکی (Ectopic cushing syndrome) دروست بووە، کۆنیشانەی کارسینوید، کۆنیشانەی لێسەر – ترێلات (Lasser-Trelat syndrome).

**دیاریکردنی نەخۆشییەکە** ( Diagnasis):

أ. ئەو نیشانانەی کە لە لایەن نەخۆش و پزیشکەوە (Symptom and sign) هەستیان پێدەکرێت: لەپێش دروست بوونی نیشانەکان شێرپەنجەی گەدە گەشە دەسێنێت بۆ قۆناغی پێشکەوتوو تەنینەوە، ئەو نیشانانەی کە نەخۆش هەستیان پێ دەکات لەکاتی تەنینەوەو بڵاوبوونەوەی زۆری نەخۆشییەکەدا بریتین لە: نەمانی توانای خۆراك، زوو تێربوون، لاوازی و بێ هێزی و نارەحەت قوتدان، ئازاری سك (60٪) نەخۆشەکاندا هەیە، لەدەستدانی کێش لە (50٪)ی نەخۆشەکاندا، دڵ تێکهەڵاتن و رشانەوە لە (40٪)، کەم خوێنی لە (40٪)ی نەخۆشەکانداو، هەروەها بارستەی بەردەست کەوتووی ناو سك (Abdominal mass) لە کاتی پشکنیندا.

**ب. رشتەکانی دیاری کردنی نەخۆشییەکە:**

1. **رشتە سەرەتاییەکان** (Preliminary studies): ئەمانەش بریتین لە هەموو ژمارەی خانەکانی خوێن (CBC) و تێستی فرمانی جگەر (LFT)، هەناوبینی سورێنچك و گەدەو ریخۆڵەو دوانزەگرێ (OGD) پێکەوە، یاخود رشتەی تاقیکردنەوەی باریۆمی کۆئەندامی هەرس و تیشکی ئێکسی سنگ پێکەوە.

2. **سی – تی – سکانی ناو سك** (CT-scan of abdomin): ئەمەش بەسوودە بۆ هەڵسەنگاندنی ماوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی درینی ناو سکدا لە لایەکی سکەوە (Laparotomy)، دەرکەوتووە کە نیوەی نەخۆشەکان لە بارودۆخێکی خراپتری نەخۆشییەکەدان وەك ئەوەی کە لەکاتی دەرکەوتن یان دەرنەکەوتنی ناتەواویەکدا لە سی –تی سکاندا پێشبینی دەکرێت.

ناو سك بین (Laparoscopy) دەتوانێت تەنینەوەی ناوچەیی (Regional metastasis) یاخوود تەنینەوەی دوور(Distant metastasis) مان بۆ جیابکاتەوە، کە پاڵێوراو نین بۆ نەشتەرگەری کتوپڕ بە



مەبەستی چارەسەری بنەڕەتی نەخۆشییەکە.

3. **هەناو بینی- سۆنار** (EUS): ئەمەش شەش ئەوەندە وردتر و هەستیار ترە لە قۆناغ کردنی شێرپەنجەی سەرەتایی گەدەدا لەچاو سی ـ تی سکاندا بەڵام جیاوازی کردن لەنێوان شێرپەنجەی پاك و پیسدا لەدیواری گەدەدا زۆربەی جار کارێکی قورسە. هەروەها بەکەڵکە لە وێنە گرتنی بەشی سەرەوەی گەدە (Cardiac) کە لەوانەیە قورس و گران بێت لە سی – تی سکاندا هەڵبسەنگێنرێت. هەروەها وەرگرتنی نمونەی شانەی زیندووی لیمفە گرێ لەژێر رێنمونی – هەناوبینی سۆناردا



دەتوانرێت فەراهەم بێت.

4. **هەناو بینی:** هەناو بینی بەکێشمان یاخود نەرم و جیر (Flexible endoscopy) بە یەکگرتوویی لەگەڵ وەرگرتنی نمونەی شانەی زیندووی ناتەواوییە بینراوەکەو، خانەزانی بەلێکردنەوەی توێکڵی یاخود قەتماغەی روکەشی شانە شێرپەنجەکە (Exfoliative cytology)و، وەرگرتنی نمونەی شانەی زیندوو بەرنەکردن (Brush cytology) بەکاردەهێنرێت لە دەست نیشان کردنی زیاتر لە 95 ٪ ی شێرپەنجەی گەدە.بە تەنها وەرگرتنی نمونەی شانەی زیندوو ناتەواوییەکی گەدە، لە 80٪ ی حاڵەتەکاندا بەتەنها ورد و باوەڕ پێکراوە. بە بوونی پشکنینی خانە زانی توش بووی گەدە (Posetive gastric cytology) بە بێ بوونی هیچ ناتەواوییەکی هەناوبینی یاخود تیشکی ئێکسی (X-ray)، بڵاوبونەوەی شێرپەنجەی رووکەشی گەدە دەچەسپێت.

گەدە بین، یاخود هەناو بینی گەدە (Gastroscopy) بریتییە لە پرۆسەی بینینی هەناوە پەردەی گەدە لە رێگەی بۆرییەکی روناك کەرەوە کە هاوێنەیەکی لەسەر جێگیر کراوە. نەخۆشەکە پێویستە بێ هۆش بکرێت(Anasthetized)، و گەدە بینەکە تێپەڕ دەکرێت بۆناو گەدە و لەپاشان هەوای تێدەکرێت بە ئامێری گەدەبینی نەرم و جیر راستەوخۆ دەتوانین بەشە جیاوازەکانی هەناوە پەردەی گەدە ببینین، هەروەك چۆن دەتوانرێت نمونەی شانەی زیندووی گەدە وەرگیرێت لە رێگەی گەدە بینەوە.

ج. **دیاریکردنە جیاوازەکان** (Differential diagnosis) **و پۆلیپ یان لووی گەدە:**

دیاریکردنە جیاوازەکان واتە ئەو ناتەواویانەی دی کە لێکچون لەگەڵ هەر نەخۆشییەکی دیاریکراودا لەگەڵ هەر نەخۆشیەکدا یەك یاخود زیاتر بونیان هەیە، بەڵام ئەمانە



بەرێگەیەك یاخود چەند ڕێگەیەك لەیەك جیا دەكرێنەوە و لە كۆتاییدا ناتەواییە بنەڕەتیەكە دەچەسپێت، لێكچووی دیاریكردنە جیاوازەكانی شێرپەنجەی گەدە ئەمانە دەگرێتەوە:

ئەو لووانەی بەهۆی ئاوگی هەرسەوە پەیدا بوون (Peptic gastricpolyp)، برینی گەدە، لووی پاكی لووسە ماسولكە (Leiomyoma)، لووی لووسە ماسولكەی ئاوڵەمەیی كە بە زكماگی دروست دەبن (Leiomyoblastoma)، هەندێك شێرپەنجەی گوێی ناوەڕاست (Glomus tumour)، شێرپەنجەی پێستی ڕژێنە لیمفاوییەكان (Malignant lymphoma)، و گەندە شێرپەنجەی ڕژێنی لیمفاوی (Pseudo lymphoma)، شێرپەنجەی بەستەرە شانەی تەنۆلكەیی (Granulocytic sarcoma)، و شێرپەنجەی كارسینۆید، لووی چەوری (Lipoma)، شێرپەنجەی ڕشاڵی خانە گەورە قوت دەرەكانی خوێن ((Macrophage (Fibrous historytosis)) (ئەم خانە قوت دانە لە تاكە خانەوە دروست دەبن)، هەروەها شێرپەنجەی بڵاوەبووی شوێنەكانی دیكەی لەش پولیپی گەدە یان لوی گەدە بە دەگمەن دەكەونە ژێر باری گۆڕانكاری شێرپەنجەی (3 ٪ دوای 7 ساڵ) بەڵام هەندێك شێرپەنجەی سەربەخۆی تێدایە.

1. **پۆلیپی گەدەی هەوكردوو** (Inflammatory gastric polyp):

ئەمە شێرپەنجەی ڕاستەقینە نییە كەدەكەوێتە ناو بۆشایی گەدەو كەناڵی نێوان گەدەو دوانزە گرێ و (Pyloro antrum)، ئەمەش هاوڕێیە لەگەڵ كەمی دەردانی ترشی هایدرۆكلۆریك (Hypochlorhydria)، بەڵام هاوڕێ نییە لەگەڵ شێرپەنجەدا.

2. **پۆلیپی گەدەی گەورەبوو** (Hyperplastic gastric polyp): ئەمەش بڵاوترین جۆری پۆلیپەكانە (75٪)، كە بەشێوەی هەرەمەكی لە گەدەدا بڵاوبونەتەوە، ئەم لووانە بچوك و زۆرن، ئەمانە هاوڕێن لەگەڵ بوونی شێرپەنجەدا، لە 8٪ ی حاڵەتەكاندا.

3. **پۆلیپی ڕژێنی** (Adenomatous polyp): ئەمەش بەشێوەیەكی ئاسایی دەكەونە بۆشایی گەدەوەو زۆربەی جار بەتەنها و گەورەن و بوونیان لەگەڵ بوونی شێرپەنجەدا ڕێژەكەی لە (40 ٪ وە بۆ ٪60) ی نەخۆشەكانە.

4. **لووی ڕژێنی ئەو پێكهاتانەی كە لە گەندە موو دەچن** (Villous adenoma)، ئەمەش بەدەگمەن لە گەدەدا ڕوودەدات، بەڵام زۆربەی جار شێرپەنجەن.

5. **كۆنیشانەی فرە پۆلیپ** (Polyposis syndrome):

أ. **گەدەی فرە پۆلیپی خێزانی** (Familial gastric polyposis): ئەمەش زیاتر لەچەند دانەیەكی پۆلیپ یاخود لوو دەگرێتەوە، بەڵام بەبێ شێرپەنجەی ئێسك و پێست، دیواری گەدە بەشێوەیەكی ئاسایی داگیر كراوە، بەشێرپەنجە ناجۆر یاخود نائاسایی (Atyppical carcinoma).

ب. **لووی فرە پۆلیپی ڕژێنی خێزانی** (Familial adenomatous polyposis): ئەمەش هاوڕێیە لەگەڵ تووشبوونی گەدە لەزیاتر لەنیوەی نەخۆشەكاندا. پۆلیپەكانی گەدە لەجۆری ڕژێنی فرەخانەن یاخود لەجۆری فرە خانەیی بوونی ڕژێنەكانی لووتكەی گەدە (Fundicgland hyperplasia) ن، شێرپەنجەی گەدەو شێرپەنجەی كارسینۆید لەوانەیە ڕووبدەن.

## قۆناغ كردن و هۆكارەكانی پێشبینی كردن (Staging and Prognostic factor):

1. سیستمی قۆناغ كردن: سیستمی TNM ئێستا پێشكەوتووتر بووە بۆ شێرپەنجەی گەدە كە ئەژماری پلەی قوڵایی شێرپەنجەكە دەكات بۆ دیواری گەدەو، هەروەها تووشبوونی لیمفە گرێكان (گەر لیمفە گرێی تەنیشتی گەدە بێت یاخود دوور) و بڵاوبوونەوەی دووری شێرپەنجەكە هەڵدەسەنگێنێت.

خوێنەران دەتوانن ئاشنا بن بە باشترین وپێشكەوترین سیستمی قۆناغ كردنی بەردەست بەهۆی زۆری پێداچوونەوەو چاككردنی هەڵەكان لە ڕێبازی قۆناغ كردندا.

سیستمی قۆناغ كردنی TNM ی ئێستا بایەخ ولێكۆڵینەوەی شوێنی شێرپەنجەكە ناكات، هەروەها ژمارەی لیمفە گرێكان لەم بارەدا ئەوەندەی شوێنی لیمفە گرێكە گرنگ نییە بە بەراورد لەگەڵ گەدەداو، دیاریكردنی جۆری شانە زانی (پۆلینی لاورێن) و شێوازی گەشەی شێرپەنجەكە

(Linitis plastica) یاخود ئایا گرنگە هەموو شێرپەنجەکە دەربهێنرێت یاخود نا ؟ (ئەگەر بەبڵ، ئەوە جۆری دەرهێنانەکە چییەو چۆنە؟)

### قۆناغ کردنی تەواوی لیمفۆمای گەدە ئەمانە دەگرێتەوە:

- هـەنـاو بـیـنـی – سـۆنـار (Endoscopic ultrasound) (EUS)

- سی – تی سکانی سنگ و سك (Chest and abdominal CT-scan).

- وەرگرتنی نمونەی شانەی زیندوویی مۆخی ئێسك (Bone marrow biopsy).

### 2. هۆکارەکانی پێشبینی کردن:

لە پێشدا داتاو زانیارییەکان کە سێ هێڵی پێشبینی کردنیان دا (تووشبوونی روکەشە بەستەرە شانەی دەرەوەی دیواری گەدە (Serosal involvement)، توش بونی لیمفە گرێکان، شێرپەنجەکە لەشوێنی لێکردنەوەیدا) پیشانیاندا کە ئەگەر هیچێك لەم نیشانانە لە لایەن پزیشکەوە هەستیان پێنەکرا، ئەوا رێژەی رزگاربوونی 5 – ساڵە لە مردن (60٪)، ئەگەر هەموویان هەبوون، ئەوا رێژەی رزگاربوونی 5 – ساڵە لە مردن کەمترە لە (5 ٪).

أ. **قۆناغ کـردن:** شیکارییە فـرە جیاوازییەکان (Multivariate analysis) دەریانخستوە کە قۆناغ کردن و مەودای داگیر کردنی شێرپەنجەکە و، تووشبوونی رێژەی لیمفە گرێکان لە گرنگترین هۆکارەکانی پێشبینی کردنن.

گرنگترین دیاریکەری پێشبینی کـردن بریتیە لە ژمـارەی لیمفە گرێ تووشبووەکان، خۆش بەختانە ئەو نەخۆشانەی کە (1 -3) لیمفە گرێیان تووشبووە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پێشبینییەکی باشیان هەیە، دەتوانین بڵێین نزیکەی وەك ئەوانەی کە هیچ لیمفە گرێ یان تووشنەبووە.

ب. **پۆلینی نۆرینگەیی:** رێـژەی رزگـار بوون لەو نەخۆشانەدا باشترە کە شێرپەنجەکە هێشتا لە رووکەشدایە لەوانەی کە شێرپەنجەی فۆکاڵی (Focal cancer) (واتە گەشەی لووەکە لەناوەند دایە) و شێرپەنجەی پاڵاوتوو کۆمەڵە بوویان هەیە.

ج. **پۆلینی کۆمەڵەی ژاپۆنی بۆ هەناو بینی** ( JES ): رێژەی رزگار بوون لەو نەخۆشانەی کە شێرپەنجەی جۆری II (تەخت) یان هەیە باشترە لەوانەی شێرپەنجەی جۆری III یان (کە هاورێیە لەگەڵ زامداریدا) هەیە و خراپتر لەوانەی کە شێرپەنجەی جۆری I (پۆلیپی) یان هەیە.

د. **پلە پلە کردن** ( Grading ): ئەو نەخۆشانەی کە شێرپەنجەی شانەزانی پلە بەرزیان هەیە، پێشبینیەکی خراپی ژیانیان لێوە بەدی دەکرێت.

ه. **پێوانی فرەیی بوونی خانەکان** ( Flow cytometry ): رێژەی رزگاربوونی مام ناوەندی کە مردن 18 مانگە لەو نەخۆشانەی کە شێرپەنجەیان لە خانەیەکەوە هاتووە کە ژمارەی تەواوی کرۆمۆسۆمی لە خانە بنەرەتەکەوە (دایپلۆید Diploid) وەرگرتوە، هەروەها (5) مانگە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە شێرپەنجەیان لە خانەیەکەوە هاتووە کە خانەی شێرپەنجەکە ژمارەیەك زیاتر یاخود کەمتر کرۆمۆسۆمی یان لەخانە بنەرەتیەکەوە (Aneu ploid) وەرگرتووە.

ئەنئیوپلۆید لە 96 ٪ هەموو شێرپەنجەکانی بەشی سەرەوەی گەدەو کەناڵی پەیوەندی نێوان گەدەو سورێنچك دەگرێتەوە و تەنها 48 ٪ پەیوەندە بە بۆشایی گەدە یاخود لاشەی گەدەوە دەگرێتەوە ژنان زیاتر شێرپەنجەی دایپلۆیدیان هەیە.

ع. **سروشت ومـەودای لێکردنەوەی شێرپەنجەکە** ( Nature and extent of resection ):

رێــژەی رزگـاربـوون باشـترە کـاتـێ لێکردنەوەی چارەسەری شێرپەنجەکە (Curative resection) جێبەجێ دەکرێت (ئەمەش بەلێکردنەوەی شێرپەنجەکەو کەنارەکانی شێرپەنجەکە یاخود لێکردنەوەی (R2) لە بەرامبەردا لێکردنەوە بە مەبەستی کەم کردنەوەی داخـران و گیرانی گـەدەو کەم کردنەوەی ئـازار (Plliative resection) و لێکردنەوەی بەشی خوارەوەی گەدە (Distal gastrectomy) لە بەرامبەردا لێکردنەوەی بەشی سەرەوەی گەدە (Proximal resection) و لێکردنەوەی گـەدە و ژێـر ئاستی تێکرا (Subtotal gastrectomy) و هەروەها لێکردنەوەی تێکرای گەدە (Total gastrectomy).

### کۆتەڵ کردن و بەزوویی دەست نیشان کردنی نەخۆشییەکە ( Screening and early detection ):

بە زوویـی دەسـت نیشان کردنی شێرپەنجەی گەدە بەرەو پێشتر دەروات بەهۆی رشتەکانی ساغ کردنەوەو پشکنینەکان بۆ نیشانە بەردەوامیەکانی بەشی سـەرەوەی کۆئەندامی هەرس. لە ژاپۆن سیستمی کۆتەڵ کردنی جوڵاو

بەکاردێت بەهۆی بەکارهێنانی کامێرایی ڤیدیۆیی بۆ بینینی گەدە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەزوویی دەست نیشان کردنی نەخۆشییەکە (شێرپەنجەی گەدە).

ئەو شێرپەنجانەی گەدە کە دەست نیشان کراون لە (0,3٪) ئەوانەی کە کۆتەڵ کراون ئەوە هاوڕێن لەگەڵ (95 ٪) ی 5 – ساڵەی ڕێژەی ڕزگار بوون لە مردن (50 ٪ ی ئەو نەخۆشانەی چینی شانەی هەناوی و ژێر هەناوییان تووشبووە). سەرەرای ئەو بەرنامانای کۆتەڵ کردن، شێرپەنجەی گەدە هێشتا بالا وترین هۆکاری مردنە بەشێرپەنجە لە ولاتی ژاپۆن، لەگەڵ ئەوەشدا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، کۆتەڵ کردنی دانیشتوان بە بوونی هۆکارە مەترسیدارە رۆتینییەکان بۆ شێرپەنجەی گەدە پەسەند نییە

باشتر نییە بۆ لێکردنەوەی گەدەی ژێر ئاستی تێکرا بۆ بەدەست هێنانی چارەسەر، پێویستە کاتێك بەکاربهێنرێت کە مەودای لۆکاڵی (Local extension) نەخۆشییەکەمان هەبێت.

بڕین و لێکردنەوەی فراوانی لیمفە گرێکان (Extensive lymph dissection) پێی دەوترێت (لێکردنەوەی D-2) بۆ نموونە ئەوەی بۆ بڕینەوەی لیمفە گرێی سلیاك (Celiac lymphnode) یاخود لیمفە گرێ ی سك و، لێکردنەوەی ئۆفێنتاو و لێکردنەوەی سپل زۆر پێویست نییە.

کاتێك دەبینین کە لوولەی لیمفە گرێکانی هەناوە پەردەو ژێر هەناوە پەردەی گەدە بەردەوامیان هەیە، کەواتە ڕێی تێدەچێت کە خانە شێرپەنجەییەکانی گەدە ڕوو لە هەموو



## بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە (Management):

1. نەشتەرگەری:

أ. لێکردنەوەی چارەسەرکەر (Carative resection): لێکردنەوەی گەدەی ژێر ئاستی تێکرا لەگەڵ کەناری تەواوی شێرپەنجەکە بەچاو دەتوانرێت ببینرێت کە تووش نەبووە (3 – 4 سم) و هەروەها بڕین و لێکردنەوەی لیمفە گرێ هەرێمیەکان یاخود ناوچەییەکان، بڕیتییە لە چارەسەری دەستنیشانکراو و بەگشتی بڕیتیە لە ڕێگە چارەی سەرەکی بۆ چارەسەری شێرپەنجەی گەدە.

لێکردنەوەی گەدەیی ئاستی تێکرا لە سەرووتر و

ناوچە جیاوازەکانی گەدە بکەن، دوور لەناوچە سەرەتاییەکانی تووشبووی شێرپەنجەکە. هەروەها خانە شێرپەنجەییەکانی گەدە لە ڕێگای لیمفە گرێ لۆکاڵیەکانەوە تێپەڕ دەبن بۆ لیمفە گرێ هەرێمییەکانی گەدە لەبەر ئەمەیە کە شێرپەنجەی گەدە چارەسەر دەکرێت بەهۆی لێکردنەوەی گەدەی ئاستی تێکرا کە لابردنی بەشی خوارەوەی سورێنچك و یەکەم بەشی دوانزە گرێ، سپل و ڕیشاڵە پەیوەندی نێوان گەدە و سپل و ڕیشاڵە پەیوەندی نێوان گورچیلەو سپل (Lienorenal and gastrosplenic ligament) و ئینجا لیمفە گرێ پەیوەندەکانیان هەروەها لێکردنەوەی لوولە خوێنەکانی سپل و کلك و تەنی (Tail and body) و پەنکریاس و لیمفە

گرێ پەیوەندەکانیان، ئینجا لێکردنەوەی لیمفە گرێکانی بەدرێژایی چەمانەوەی بچوک و گەورەی گەدەو ئینجا لە کۆتاییدا لێکردنەوەی ئۆمێنتای گەورە (Greater omenta). بەردەوامی کۆئەندامی هەرس بە پێکەوەلکانی هەردوو دووەم بەشی ریخۆڵە باریکە (Jejunum) و سورێنچك بەئەنجام دێت.

**ب. لێکردنەوەو لابردنی ئازار مرێن** (Palliative resection): ئەمەش جێبەجێ دەکرێت بە مەبەستی رزگار کردنی نەخۆشەکان لەهەو کردن و خوێن بەربوون و داخرانی گەدەو زامداربوونی پۆلیپەکانی گەدە، بۆ ئەم مەبەستانە لێکردنەوەیەکی سنورداری گەدە بەسە، لێکردنەوەی ئازار مرێن سەرکەوتوو بووە لە باشتر بوون و کەم کردنەوەی نیشانەکان بەرێژەی نیوە.

**ج. کەمی ڤیتامین** B12: ئەمەش گەشە دەسەنێت لە هەموو ئەو نەخۆشانەی کە لێکردنەوەی گەدەی ئاستی تێکرایان بۆ دەکرێت لەماوەی شەش ساڵداو لە (20٪) ئەو نەخۆشانەی کە لێکردنەوەی گەدەی ژێر ئاستی تێکرایان بۆ دەکرێت لە ماوەی دە ساڵدا تووشی کەمی ڤیتامین B12 دەبن هەتاوەکو ڤیتامین B12 یان لەرێگەی خوێن هێنەرەوە پێ دەدرێت.

2. **چارەسەری کیمیاوی** (Chemotherapy):

1. **چارەسەر کیمیاوی یاریدەدەری باو** (Neoadjuvant): ئەو نەخۆشانەی کە بەشێکی زۆری گەدەیان لێکراوەتەوە لە رشتەی فەیسی II لە پێش نەشتەرگەییدا چارەسەری کیمیاوی یاخود چارەسەری تیشکی یاخود هەردووکیان رێژەیەکی بەرزی وەڵامدانەوەیان هەیە لەپاش ئەم چارەسەرە هەندێك لەو نەخۆشانە دەرکەوتووە لەژێر تاقیگەی نەخۆشیزانیدا کە نەخۆشییەکەیان نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا هیچ تاقیکردنەوەیەکمان نییە ئەوە ساغ بکاتەوە کە ئایا وەڵامدانەوە بۆ چارەسەرەکە دەگاتە ئەو رادەیەی کە بڵێین پێویست بە لێکردنەوەی بەشە توشبووەکە ناکات یان کاتی گەشە سەندنی شێرپەنجەکە یاخود سوودی رزگار بوون لە مردن و ئیتر دوای ئەوە چارەسەرەکە بەکارنەهێنرێت.

**أ. چارەسەری کیمیاوی یاریدەدەری هەموو لەش** (Systemic adjuvant chemotherapy): بەنزیکەیی هەموو هەوڵەکان-5 فلۆرۆیۆراسیل لەگەڵ دەرمانەکانی دیکەی وەك (دوکسۆروبیسین، ئیپریوبیسین، مایتۆمایسین یاخود سیتارابین) دەگرێتەوە، وەك چارەسەری یاریدەدەر شکستیان خواردووە لە پیشاندانی هەر قازانجێکدا. شیکاری داتاکان لە چواردە تاقیکردنەوەدا کە لەساڵی 1980 بلاوکرانەوە.

لەسەر چارەسەری کیمیاوی یاریدەدەر لەدوای لێکردنەوەی شێرپەنجەی گەدە لەبەرامبەر نەشتەرگەریدا بەتەنها کۆتایی بەوە هێنا کە ئیتر چارەسەری کیمیاوی پاش نەشتەرگەری چارەسەرێکی پێوانەیی و ستاندارد نییە.

چارەسەری کیمیاوی و چارەسەری تیشکی هیوایەکن بۆ پێشاندانی سودو قازانج لەیەکێك لەو دووتاقیکردنەوە رۆتینی یانەی کەبەجێ گەیەنراون لەم دوو بوارەدا، بەلام داتاو زانیاری زیاتر لەم بوارەدا پێویستن پێش ئەوەی ئەمە بچێتە بواری حیساب بۆ کردنی تەواوەوە.

لەتاقیکردنەوەی نێوان کۆمەڵە و گروپەکاندا (inter group trial) کە تیایدا (660) نەخۆش هەرەمەکیانە بەشداربوون لەوانەی کە چارەنەکرابوون لەبەرامبەری ئەوانەی کە چارەکراون بە چارەسەری کیمیاوی و چارەسەری تیشکی سوودو قازانجی تەواویان وەرگرتووە لە چارەسەرەکە لە 1998 بلاوکراوەتەوە، بەلام هەتا ئێستا شیکاری و لێکۆڵینەوەی بۆ نەکراوە.

**ب. چارەسەری یاریدەدەر بۆ ناو هەناو** (intrapentoneal adjuvant therapy): چونکە شوێنی لێکردنەوەو لابردنی شێرپەنجەکە بلاوترین شوێنە کە لێیەوە شێرپەنجەی گەدەکە سەرهەڵدەداتەوە، چارەسەری کیمیاوی بۆناو هەناو تائێستا لەهەندێك ناوەندی زانستیدا جێگەی مشتومرە:

1. **لەدەوروبەری کاتی نەشتەرگەرییەکە** (perioperationaly): بە رۆکردنی مایتۆمایسین (50 ملگم) بۆناو هەناو لە هەوڵێکدا لە ژاپۆن هاورێ بووە لەگەڵ بەرزبوونەوەی رێژەی رزگاربوونی نەخۆشەکە لە مردن لەوانەی کە چارە نەکراون. هەروەها کاریگەرییە لاوەکییەکان (Side effects) ی کەمن و دەتوانرێت تەحەمول بکرێت لەلایەن نەخۆشەکەوە.

2. **لە پاش نەشتەرگەری** (post operatively): رۆکردنی سیس پلاتین بۆناو هەناو لەگەڵ -5 فلۆرۆیۆراسیل ئینجا 5 - فلۆرۆ یۆراسیل لە رێگەی خوێنهێنەرەوە دەدرێت یاخود 5 - فلۆرۆیۆراسیل و مایتۆمایسین هەڵدەسەنگێنرێت بۆ بەکارهێنان. کاریگەرییە لاوەکییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لەکەمی هاوتا خانە (Neutropnea) و هەوکردنی رەقبوونی دیواری هەناوی بەکەپسول دەوردراو (sclerosing encapsulated peritonitis).



### 3. چارەسەری کیمیایی بۆ نەخۆشی پێشکەوتوو

**گەشەسەندوو:** بەکارهێنانی تاکە دەرمان ڕێژەی وەڵامدانەوەی نزمە،بەڵام سیستمی یەکگرتنی دەرمانەکان ڕێژەی وەڵامدانەوەی بەرزە لەلایەن نەخۆشەکانەوە، بەڵام کێشەی ژەهراوی بوونی زیاترەو خەرجییەکەشی زۆرترە. سیس پلاتین ئێستا زیاتر بەکاردەهێنرێت لەگەڵ دەرمانەکانی دیکەدا و ڕێژەی وەڵامدانەوەی نەخۆشەکان بەرزەبۆی، بەڵام وەك باسمان کرد پلەی ڕوودانی ژەهراوی بوونی نەخۆش دەگاتە (10٪).

ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ 5- فلۆرۆیۆراسیل بەتەنها نزیکەی (20٪) ەو، لە (10٪ - 50٪) بۆ چارەسەری کیمیاوی یەکگرتووە، ڕێژەی ماماناوەندی رزگاربوون لە مردن لەنێوان (5-11) مانگیدایە. دوای نزیکەی دوو دەیە لەبەکارهێنانی چارەسەری کیمیاوی یەکگرتوو کە مایتۆمایسین و دوکسۆروبیسین، ئیپیدۆکسۆروبیسین، ئیتۆبۆساید، میسۆتریکسەیت،نایترۆیۆریاو،ئیرینویگان یاخود سیس پلاتین، رژێمێکی تایبەتی نییە کەدابنرێت بە قیاسی و پێوانەیی یاخود ستاندارد لەکاتی پێشکەوتووی تەشەنەسەندویی شێرپەنجەکەدا.

### 4. چارەسەری تیشکی:

**1. نەخۆشی لۆکاڵی و ناوچەیی:** بەتەنها چارەسەری تیشکی تا ئێستا نەسەلمێنراوە کە سوود بەخش بێت بۆ چارەسەری شێرپەنجەی گەدە. چارەسەری تیشکی (4000 سی گای لە 4 هەفتەدا) بەیەکگرتویی لەگەڵ 5- فلۆرۆیۆراسیل (15 ملگم / کگم لە ڕێگەی خوێنهێنەرەوە (IV) لەماوەی سێ ڕۆژی یەکەمی بەکارهێنانی چارەسەری تیشکیدا) بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا بینراوە کە ڕێژەی رزگاربوونی زیاترە بەبەراورد لەگەڵ بەکارهێنانی چارەسەری تیشکی بەتەنها بەڵام بۆ شێرپەنجەی لۆکاڵی و ئینجا لانەبراو (Unresectable cancer). بەکارهێنانی چارەسەری تیشکی لەناو نەشتەرگەرییەکە یاخود کاتی نەشتەرگەرییەکە (intraperitoneal radiotherapy) برێکی زیاتری تیشکەکە دەگاتە شێرپەنجەکە (IORT)، یاخود ئەوەی ماوەتەوە لە شێرپەنجەکە لەگەڵ ئەوەشدا ناهێڵێت شانە ئاساییەکانی دەوروبەری شێرپەنجەکە بەر کاریگەرییە خراپەکانی تیشکەکە بکەون.

هەندێك نەخۆشی دیاریکراو لەوانەیە سود لە چارەسەری تیشکی کاتی نەشتەرگەری (IORT) وەربگرن، بەتایبەتی کاتێك کەچارەسەی یەکگرتوی نێوان گورزە تیشکی دەرەکی (External beam radiation) و چارەسەری کیمیاوی بێت، رزگاربوون بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە مردن بینراوە لەهەندێك لەو نەخۆشانەی کەبەم مۆدێلەی چارەسەرکردن چارەکراون بۆئەو بەشەی شێرپەنجەکەیان کەدوای نەشتەرگەری هێشتا ماون.

**2. نەخۆشی شێرپەنجەی پێشکەوتووی گەشەسەندوو:** رژێنە شێرپەنجەی گەدە بەنزیکەیی دەتوانین بڵێین وەڵامدانەوەی بۆچارەسەری تیشکی نییەو برێکی زۆرو دۆزێکی بەرزی دەوێت هەتا کاریگەری خۆی دەنوێنێت لەگەڵ بوونی کاریگەری ژەهراوی بوون بۆ ئەندامەکانی دەوروبەر، چارەسەری تیشکی لەوانەیە سوودبەخش بێت بۆ نەهێشتن و کوشتنی ئازار، ڕشانەوە بەهۆی گیران و داخرانی گەدەوە، خوێن بەربوونی گەدەو، بڵاوبوونەوەی شێرپەنجەکە بۆ ئێسك و دەماخ.

چارەسەری لیمفۆمای پەرش و بڵاوەبووی خانە گەورەکانی B– بەوە دەبێت کە چارەسەری کیمیاوی یەکگرتوو بەبوون یان نەبوونی چارەسەری تیشکی بگیرێتەبەر، ئەمەش وا دەکات کە ڕێژەی رزگاربوونی 5- ساڵە لە مردن بگاتە (40-60)٪.

بەڵام سەبارەت بە لیمفۆمای شانە لیمفییەکانی (MALT) داتا زووەکانی نەخۆشییەکە پێشنیار دەکەن کە قەلاچۆکردنی بەکتریای هێلیکۆباکتر پایلۆری لەگەڵ دەرمانی دژە ژیان (Antibiotic) دەبنەهۆی کشانەوەو کەمکردنەوەی قەبارەی شێرپەنجەکە، بەڵام دواتر بەدواداچوون (Follow up) هەر پێویستە، چارەسەری تیشکی دەتوانرێت بە چارەسەری بنەبڕو یەکلاکەرەوە دابنرێت بۆ لیمفۆمای لۆکاڵی شانە لیمفییەکانی (MALT).

### سەرچاوەکان:

1- clinical anatomy for medical student, Richard s. spell, md, ph.d fifth editon.

2- Manual of clinical oncology, eduted by dennis A. cassiato, barry B. LOwitz, fourth edition, 2001.

3- Review of medical physiology, William ganong, MD.

4- Oxford handbook of clinical medicine, murray long more, ian B. Wilkinson, supraj rajagopalan, sixth edition.

5- Lecture of medical college of sulaimani university.